کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-6-2007 22:52بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سیمیناری بەدرخانیەکان بەبێ ئاڵا بوو ... کاروان رووف

لە دوایی خوێندنەوەیی بابەتی (خۆشم دەوێیت ئاڵایی کوردستان) کە لە لایەن کاك (ئەحمد دەشتییەوە) ئاماژەیی پێکرابوو. ؟؟!! بەڵێ ڕاستە نەك کاك احمد دەشتی بگرە هەموو تا کێکی کورد زۆر لایی قورسە کە ئاڵاکەیی بەبێناز بکەوێت. وە ئەوانەی لە ژێر ئەو ئاڵایەدا نان دەخۆن خۆیان بەخاوەنی نازانن. بەلکو ئەمە نەك تەنها بۆ کاك احمد بۆ هەموو کوردو کوردستان ویستێك وە خەبات کارێکی ئەم نەتەوەیە ناخۆشە لەئاستی نەتەوەیەکی ستەمدیدەی وەك کورد؟؟. بگرە فەرامۆش کردن وە یاخود لێگەڕانی کەوتنی شەرەفی نیشتمانی وولاتێك. واتایی




بێبایەخی و ڕێزنەگرتنی ڕاستیەکانی خەباتی نەتەتەوەکەمانە. ڕاستتە ئەمڕۆ کورد بەیادی بەدرخانیەکانەوە کۆنفرانسی ڕۆشنبیریی دەگێڕێت!!!بەڵام بەچی دەیسەلمێنێت کەکوردە. ئەگەرئاڵایی نەبێت کەوابێ! ئێوە خۆتان لەیاد کردووە. ئێوە فەرامۆشی نەتەوەکەتان کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا لەو کۆنفرانسەدا هەزاران خەڵکی جیاوازیی نەتەوەیی تیادایە بەڵام ئەوان هاتوونە کۆنفرانسی بێ ئاڵاکان. چونەکە بێ ئاڵابووووو. چۆن نەتەوەیەك بەبێ ئاڵا واڵا دەبێت. ؟!خۆیی لە ڕاستیدا بێ خەمی ئامادەکردنی کۆنفرانسە نەك کورد بێ ئاڵایە کورد نیشتمانی خۆیی خۆش دەوێت بەڵام بەڕێوەبردنی قورسەو ڕێك ناخرێت بۆئەوانەی کە خۆیان بە پێشەنگ دەزانن. ؟بەڵام باشترە کە داوایی هاوکاریی بکەن لەزیرەکتر لەخۆیان. !!!بۆ ئەوەیی باشتر بتوانن بەڕێوەیی ببەن.



بەداخەوە من واتێدەگەم هەندێك جار کێشەکانی کورد بۆ بازرگانی بەکار بێت نەك بۆ زیندو کردنەوە. تەنها کۆڕ وەیاخود سیمینارەکە بەڕێوەبچێت. بەڵام ووردەکاریەکان لەهەمووی گرنگترە. دیارە کورد ئاڵاکەی زۆر پیرۆزە وە هەزاران کەس بونەتە قوربانی لەپێتاویدا باوەڕم وایە لەلایەن چەندان کەسەوە دەیپەرستن. بەڵام لەڕۆژێکی وەهادا بۆ فڕێدرا. کامە هۆبوو. کە لەبیریانکرد. لەگەڵ ڕێزمدا بۆ زۆر لەو بەڕێزانە من نازانم کێن وەیان کێ بوون بەڵام لەبیر کردنی ئاڵایەك لەو ڕۆژەدا واتایی نەبوونی ناسنامەیی نەتەوەییە. وە گرنترین سات ئەم ڕۆیە کە کوردستان پێویستی پێیەتی نمایش بکرێت. ئەی کوا لەڕۆژیی وێژەییدا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەڕوژیی هونەردا نییە. ئەمڕۆیی جیهانی سەردەم وایی لێهاتووە پێویستە مرۆڤ ڕێز لەماڵەکەیی خۆیی بگرێت وە گەڕەکەکەیی ئینجا شارەکەیی وە لەسەروو هەموویاندا وولاتەکەیی. ڕاستتە لەهەندێك ئاستدا وەکو کاریی پێویست ئیشی بۆکراوە بەلام لەوجۆرە بۆنانەدا لەبیر کراوە. وەناتوانن وەیاخود کەمتەرخەمن لەئاستەکەدا. بۆیە (ووشیارییە نەتەوەیی گرنگی ویژدانی ئازادی مرۆڤە)

فرێدانی ئالایەك بەهەربیانویەك بێت تاوانە وەناپاکیە بەرانبەر بە نیشتمان تۆ لەژێ سایەیەی ئەو ئالایەدا هەیت. ئەگەرئالانەبێت تۆچیت... ؟؟؟؟؟؟؟؟!!!!!!!!!!!!!

کاروان رووف (کاروانی پاسۆك)
07701544092
karwandewan@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.